**ئەنجومەنی وەزیران**

**ژمارە: ٣٢٦٥ لە ٢٠٢٠/٦/١**

**بڕیار**

**ژمارە(٥١)ی ساڵی ٢٠٢٠**

پشتبەست بە ئەحکامی ماددەی(هەشتەم) لەیاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هە رێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هە موارکراو، و لە پێناوی سووککردنی بار و گوزەرانی ئەوانەی بە هۆی ڕێکارەکانی خۆپارێزی لە کۆرۆنا زیانمەند بوون ، و لە بەر ڕۆشنایی کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٢٧) لە ٢٠٢٠/٥/٥ ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:-

١- لێخۆشبوون لەکرێی کرێچی موڵکەکانی حکومەتی هە رێم بۆ مەبەستی بازرگانی یان پیشەسازی یان کشتوکاڵی یان هەر مەبەستێکی دیکە ، بۆ ئەو ماوەیەی کە نەیتوانیووە بەشێوەی ئاسایی بەکاری بهێنێت بەهۆی داخستن بەپێی ڕێکارەکانی خۆپارێزیی لەڤایرۆسی کۆرۆنا یان قەدەغەی هاتووچۆ .

٢- بەخشینی هاووڵاتییان لە دواکەوتنی پێبژاردن کە کەوتووەتە ئەستۆیان لە ئەنجامی پابەندنەبوونی یاساییان بەرامبەر بە دامەزراوە فەرمییەکانی حکومەتی هە رێم ، ئەگەر وادەی پابەندبوونەکەیان کەوتبێتە ئەو ماوەیەی کە بڕیاری قەدەغەی هاتووچۆی تێدا دراوە ، وەک ڕێکاری خۆپارێزیی.

٣- دواخستنی وەرگرتنەوەی بڕی گوژمەی سەر هاووڵاتییان بۆ بەرژەوەندیی دامەزراوە حکومی و شارەوانییەکان لە ماوەی قەدەغەی هاتووچۆ بەبێ ئەژمارکردنی هیچ سوود و پێبژاردنێکی دواکەوتن بۆ ئەو ماوەیە .

٤- لە سەر وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی پێویستە ڕێکاری یاسایی پێویست بگرێتە بەر بەرامبەربە کرێچی مۆڵکەکانی ئەوقاف لە ژێر رۆشنایی برگەکانی ئەم بڕیارەدا .

٥- بڕی (١٥%) لەسەدا پازدە دادەشکێندرێت لەو بڕە پارەیەی کە کرێچی دەیدات لە کرێی ئاو و کارەبا کە دەکەوێتە ئەستۆی قەرزدار پێش دەرچوونی ئەم بڕیارە ، ئەم داشکاندنە بەردەوام دەبێت تاکو ٢٠٢٠/٦/١٥.

٦- پێویستە لەسەر فەرمانگەکانی باج ماوەی قەدەغەی هاتووچۆ و ماوەکانی داخستنی شوێنە بازرگانی و پیشەسازی پیشە تایبەتەکان و هەروەها چالاکییەکانی دیکە کە دەکەونە ژێر باری باجی داهات ، هەژمار نەکەن وەک ماوەی چالاکی بۆ بەدەستهێنانی داهات کە دەکەونە ژێر باری وەرگرتنی باج بە هەموو جۆرەکانییەوە.

٧- وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

**مەسرور بارزانی**

**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**